https://www.doi.org/10.31918/twejer.1812.4

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# بەراوردکرنی ڕۆمانی "*میرنامە*"ی جان دۆست و ڕۆمانی "*سەمەرقەند*"ی ئەمین مەعلوف لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی سلاڤی

پ. ی. د. سیروان جبار ئەمین (زەند)
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
Sirwan.zand@yahoo.com

م. ی. کاظم شێخ حسێن
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
kadhim.hussein@soran.edu.iq

## پوختە

ئەدەبی بەراوردکاری یەکێک لە ڕێگاکانی توێژینەوە لە دەقی ئەدەبی و لەم نێوەندەشدا قوتابخانەی سلاڤی وەکو یەکێک لە لقەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی ئەو ڕێگەیەمان پێدەدات کە لە ڕووی زەمینە و ژێرخانەوە بەراوردی خاڵە لێکچووەکانی نێوان دوو دەقی ئەدەبی جیاواز بکەین کە هاوبارودۆخی و هاوسەردەمی جۆرێک لە هاوشێوەیی لە نێوانیاندا دروست کردووە.

هەردوو ڕۆمانی میرنامە و سەمەرقەند باسی قۆناغ ژیانی دوو کەسایەتیی هاوشێوە و تاڕادەیەک هاوسەردەمی دوو نەتەوەی جیاوازن کە ئەوانیش خەیامی نەیشاپوری و ئەحمەدی خانین. هاوهەلومەرجیی مێژوویی و کەلتوری و سیاسی بە جۆرێک لە جۆرەکان لێکچوونێکی زۆری لە نێوان هەردوو دەقدا لە ڕووی سروشتی کاراکتەرەکان و بارودۆخەکانەوە دروست کردووە و لەم توێژینەوەیەدا دەیانخەینە بەرباس و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین.



### وشە کلیلییەکان:

ئەدەبی بەراوردکاری، قوتابخانەی سلاڤی، ڕۆمانی میرنامە، ڕۆمانی سەمەرقەند، خاڵە لێکچووەکان.

# بەراوردکرنی ڕۆمانی "*میرنامە*"ی جان دۆست و ڕۆمانی "*سەمەرقەند*"ی ئەمین مەعلوف لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی سلاڤی

## ١.پێشەکی

ئەدەبی بەراوردکاری لقێکی گرنگی ئەدەبیاتناسییە، گرنگی بە بەراوردکردنی دەقە ئەدەبییەکان دەدات و چەند قوتابخانەیەکی هەیە، کە هەر یەکەیان لە سەر چەند بنەمایەک بەراورد لە نێوان دەقە ئەدەبییەکاندا دەکەن، یەکێک لەو قوتابخانانە قوتابخانەی سلاڤییە، کە لێکچوونی نێوان ئەدەبەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ لێکچوونی ژێرخانی ئەو کۆمەڵگایانەی ئەو ئەدەبانەی تێدا بەرهەم هاتووە، واتە لە ڕوانگەی ئەو قوتابخانەیەوە هاوشێوە بوونی باڕوودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری و سیاسی و ...هتد لە نێوان کۆمەڵگاکان دەبێتە هۆی هاوشێوە بوونی دەقە ئەدەبییەکان، بۆیە لە بەراوردکردنی دوو دەقدا، لێکچوونەکان بۆ لێکچوونی ژێرخانی کۆمەڵگاکان دەگەڕێنێتەوە، ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پێی ئەم قوتابخانەیە بەراورد لە نێوان هەردوو ڕۆمانەکەدا دەکەین.

**١.١.ناونیشانی توێژینەوە:** ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە: (بەراوردکرنی ڕۆمانی (میرنامە)ی (جان دۆست) و ڕۆمانی (سەمەرقەند)ی (ئەمین مەعلوف) لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی سلاڤی.

**٢.١.هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاوەکو ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا زۆر بە کەمی ئاوڕ لەم قوتابخانە بەراوردکارییە دراوەتەوە و کاری پێکراوە، لە کاتێکدا ئەم قوتابخانەیە یەکێکە لە

قوتابخانه گرنگەکانی ئەدەبی بەراوردکاری و لە هەمان کاتدا لێکچوونی ژێرخانی کۆمەڵگا لە نێوان هەر دوو ڕۆمانی توێژینەوەکەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو بە دی دەکرێت.

**٣,١.سنووری توێژینەوە:** سنووری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی هەردوو ڕۆمانی (میرنامە) و (سەمەرقەند)دایە.

**٤,١.ڕێبازی توێژینەوە:** ڕێبازی توێژینەوەکە (تیۆریی_بەراوردکارییە).

**٥,١.گیروگرفتی توێژینەوە:** زۆرجار لێکچوونی نێوان دوو دەقی ئەدەبی گومانی دزیی ئەدەبی یاخود کاریگەری و کارلێکراویی بەدوای خۆیدا دروست کردووە، بەڵام هەندێک کات سەرچاوەی لێکچوونەکان بۆ لێکچوونی ئەو ژینگە و سەردەمە دەگەڕێتەوە کە دەقەکان دەیانخەنەڕوو. لەم توێژینەوەیەدا بەڵگە بۆ لێکچوونی هەردوو ڕۆمانەکە لەسەر بنەمای لێکچوونی ژینگە و سەردەم دەخەینەڕوو، واتە سەرچاوەی لێکچوونەکەیان بۆ هاوباردۆخی دەگەڕێندرێتەوە.

**٦,١.گرنگی توێژینەوە:** گرنکی توێژینەوەکە لەوەدا بەدەردەکەوێت، کە سەرچاوەیەکی تری جیا لە دزینی ئەدەبی و کاریگەری و کارلێکراوی بۆ لێکچوونی زۆری نێوان هەردوو ڕۆمانەکە دەخاتەڕوو، کە ئەویش هاوهەلومەرجی و هاوبارودۆخیی بابەتی هەردوو دەقەکەیە.

**٧،١.ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو بەش، سەرەتا باس لە چەمک و زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری کراوە، دواتر هەریەکە لە قوتابخانەی سلاڤی و گرنگی قوتابخانەی سلاڤی و کەم و کورتییەکانی قوتابخانەی سلاڤیمان خستۆتەڕوو.

بەشی دووەم لە دوو تەوەرە پێکهاتووە و لە تەوەرەی یەکەمدا پوختەی هەردوو ڕۆمانی (میرنامە و سەمەرقەند)مان خستۆتەڕوو، لە تەوەرەی دووەمدا خاڵی لێکچوونی ڕۆمانەکانمان خستۆتەڕوو، لە خاڵی یەکەمیاندا لێکچوونی ژیان و کەسایەتیی کاراکتەری سەرەکی هەردوو ڕۆمانەکانمان خستۆتەڕوو وەکو هەڵبژاردنی خانی و خەیام وەکو کاراکتەری سەرەکی هەردوو ڕۆمانەکە، شاعیربوونی خانی و خەیام، بە کافر دانانی خانی و خەیام، ڕێزگرتنی خانی و خەیام لای سەرکردە و دەسەڵاتداران، زیرەکی خانی و خەیام و بەرزی پلەی زانستییان، نەویستنی ماڵ و سامان و پلەوپایە لای خانی و خەیام، تێڕوانینی خانی و خەیام بۆ ئایین. لە خاڵی دووەمدا لێکچوونی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی نێو ڕۆمانەکانمان خستۆتەڕوو وەکو داگیرکاری و شەڕ و کوشتار، گەیشتن بە دەسەڵات و تەختی دەسەڵاتداری لەرێگەی پارەوە وەکو جۆرێک لە کڕین و فرۆشتن، بوونی هەستی نەتەوایەتیی بەرامبەر دەسەڵاتی بێگانە، ڕاوکردن لای سەرکردە و دەسەڵاتداران، شێوازی ئاخاوتنی شکۆمەندانە لەگەڵ دەسەڵاتدارن.

**٨،١.ئەنجامەکان:** لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین لە چەند خاڵێکدا خستوومانەتەڕوو.

## ٢.چوارچێوەی تیۆریی

### ١,٢.چەمک و زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری

ئەدەبی بەراوردکاری لە پاڵ لقەکانی تری وەکو (ڕەخنەی ئەدەب و مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەب و ستاتیکای ئەدەب)، لقێکە لە لقەکانی ئەدەبیاتناسی.

لە ڕووی زاراوەییەوە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێت (الادب المقارن) و لە زمانی فەرەنسیدا (Litteratura Comparee) و لە زمانی ئەڵمانی (Vergiechenda Literatura Geschichte) و لە زمانی ئینگلیزی (Comparative Literature) و لە زمانی ئیسپانی (Letteratura Compara) لە ڕووسیشدا (Cpabtlemenbhar Literatupa) بەکاردێت(عەزیز گەردی، ١٩٧٨: ل٥). لە فارسیدا (ادب تطبيقى) و لە کوردیشدا زیاتر (ئەدەبی بەراوردکاری) بەکارهاتووە (ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٤: ل١٤).

لە بارەی چەمکی ئەدەبی بەراوردکاریشەوە تێگەیشتنی جیاواز هەیە و ڕەخنەگران بە پێی قوتابخانە جیاوازەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە، لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەک بخەینەڕوو.

ڤانتیگم لە پێناسەی ئەدەبی بەراوردکاریدا دەڵێت: "ئەدەبی بەراوردکاری بە زۆری لە پەیوەندییەکی دیواڵتی دەکۆڵێتەوە، واتە پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز، جا ئەو دوو ڕەگەزە دوو کتێب بێت یان دوو نووسەر یاخود کۆمەڵێ کتێب و کۆمەڵێ نووسەر یاخود تەواوی ئەدەبی دوو نەتەوە"(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١١: ل٥١).

عەزیز گەردی دەڵێت: "ئەدەبی بەراوردکاری بۆ ئەو لێکۆڵینەوە ئەدەبییانە بەکاردێت، کە کار بۆ دۆزینەوە و ساغکردنەوە و ڕوونکردنەوەی کاریگەریی نێوان ئەو ئەدەبانەیە، کە کاریان لە یەکتر کردووە و سوودیان بە یەکتر گەیاندووە"(عەزیز گەردی، ١٩٧٨: ل١٤).

هنری ڕیماک دەڵێت: "ئەدەبی بەراوردکاری دەیەوێ توێژینەوەی ئەدەبی بەرەو ئەو پەڕی ببات و دەیخاتە دەرەوەی سنووری وڵاتێکی دیاریکراو، چونکە لە پێوەندی نێوان ئەدەب و لایەنە مەعریفییەکانی تر دەگەڕێت، وەکو هونەرە جوانەکان و فەلسەفە و مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ئایین"(ڕێزان ساڵح مەولود، ٢٠١٣: ل٥٤).

جیرمۆنسکی دەڵێت: ئەدەبی بەراوردکاری زانستێکە لە گەشەکردنی ئەدەبە نەتەوەییەکان دەکۆڵێتەوە، لە ڕووی کاریگەری و کارلێکراویی ڕۆشنبیریی نێوان نەتەوە جیاوازەکان کە دواجار جەمسەرەکانی ئەدەبی جیهان بەیەک دەگەیەنێتەوە و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یەک دەخات(ئیدریس عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ل٦٢).

کەواتە دەتوانین بڵێین هەر پێناسەیەک بۆ ئەدەبی بەراوردکاری بکرێت, دەچێتە خانەی یەکێک لە قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری، قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاریش بریتیین لە قوتابخانەی (فەرەنسی، ئەمریکی، سلاڤی، ئەڵمانی)، بەڵام ئێمە توێژینەوەکەمان لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی سلاڤییە، بۆیە لێرەدا تەنیا تیشک دەخەینە سەر قوتابخانەی سلاڤی.

### ٢,٢.قوتابخانەی سلاڤی

ئەم قوتابخانەیە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا چەندین ناوی بۆ بەکاردێت، وەکو قوتابخانەی سلاڤی، ئەم ناونانە دەگەڕێتەوە بۆ زمانە سلاڤییەکان و ئەو میللەتانەی بەم زمانە قسەدەکەن کە وڵاتەکانی ئەوڕووپای ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە، ناونانی بە قوتابخانەی ئەوڕوپای ڕۆژهەڵاتی دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات، کە ڕۆڵێکی دیارییان هەبوو بۆ پێشخستنی ئەو لقە ئەدەبییە، ناونانی بە قوتابخانەی ئیشتراکی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئیشتراکی, کە بڵاوە لە دەوڵەتەکانی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی پەیمانی وارسو. ناونانی بە قوتابخانەی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵەرە بەراوردکارەکان کە زۆربەیان لە یەکیەتی سۆڤیەت بوون، ناونانی بە قوتابخانەی مارکسی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەی مارکسی(حيدر خضري، ٢٠٠٨: ص٢٤).

لە ڕووی مێژووییەوە سەرهەڵدانی قوتابخانەی سلاڤی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم وەکو لە بەرانبەر وەستانەوەیەکی قوتابخانەکانی ڕۆژئاوا، بۆ پاش سەرهەڵدانی قوتابخانەی فەرەنسی و قوتابخانەی ئەمەریکی دەگەڕێتەوە(الخطيب، ١٩٩٩: ص١١٦)، و لە ڕاستیدا سەرچاوەی سەرهەڵدانی قوتابخانەی سلاڤی پەرەسەندنی دەگەڕێتەوە بۆ بونیادی سیاسی و ئابووریی فەلسەفەی مارکسیزم کە ئەوکات باڵی بەسەر کۆمەڵگاکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا کێشابوو و سەرجەم کایە و دیاردە ئەدەبییەکانیشی بە پێکەوە گرێدراوێکی بارودۆخی مێژوویی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدا(علوش، ١٩٨٧: ص١٢٧).

به پێی تێڕوانینی ئەم فەلسەفەیەش "ئەدەب بەشێکە لە سەرخانی کۆمەڵگا، ئەمەش بونیادێکی ئایدۆلۆژی هەیە و بەرامبەر بە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، کە کارتێکردنی دووسەرەیان پەیوەندییەکی دیالێکتیکی بە یەکەوە دەیان بەستێتەوە، بە پێی گوتە بە ناوبانگەکەی مارکس (بوونی ماددی دەستنیشانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دەکات) ڕۆڵی کاریگەر دەداتە پاڵ ژێرخان"(حیدر خصري، ٢٠٠٨: ص٢٥)، بۆیە لە توێژینەوە بەراوردکاریەکانیشیدا هەر پشت بەم فەلسەفەیە دەبەستێت و لە ژێر ڕۆشنایی تێڕوانینی ئەم فەلسەفەیەدا توێژینەوە بەراوردکارییەکەی ئەنجامدەدات، لەم ڕووەوە ژێرخان کاریگەرییەکی بەرچاو و حاشا هەڵنەگری لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەدەب و هونەری کۆمەڵ هەیە، بۆیە ئەگەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی لە چەند وڵاتێکدا وەکو یەک بێت، ئەم لێکچوونە دەبێتە هۆی پەیدابوونی جۆرێک ئەدەبی هاوشێوە(محمد سعید جمال الدین، ١٣٨٩: ص٢٢).

ئەم قوتابخانەیە کاتێک لێکچوونی نێوان ئەدەبەکان دەگەڕێنێتەوەوە بۆ هاوشێوەیی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژووی و ئابووری...هتد کۆمەڵگاکان "مانای ئەوە نییە کە ئەوان لێکۆڵینەوەی کاریگەریی فەرامۆش بکەن، بەڵام ئەوان وای دەبینن کە دەرکەوتنی هاوشێوە وەکو چۆن (جیرمۆنسکی) دەڵێت لە ئەدەبدا نەبوونی پەیوەندییەکان لە نێوانیاندا بەڵگە نییە بۆ ئەوەی کە وێکچوونەکان هەردەم لە ئەنجامی کاریگەری دروست نابن، بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگەری پێداویستی کۆمەڵگا و بارودۆخەکەی، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کاریگەری ڕوونادات مەگەر کاتێک کە واقیعی ئەدەب کاریگەر نەبێت بە پێویستییەتی بۆ وروژێنەرە دەرەکییەکان, کە بۆ

ئەمەش ئامادەیی هەیە بۆ وەرگرتنیان"(حيدر محمود غيلان،... : ص٩٥)، واتە ئەگەر کاریگەریش هەبێت دواجار دەبێت کۆمەڵگاکە ئامادەیی وەرگرتنی کاریگەرییەکەی هەبێت و لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگاکەدا بگونجێت، کەواتە دواجار هەردەبێ بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵگاکان لە توێژینەوەی بەراوردکاریدا.

قوتابخانەی سلاڤی لەگەڵ قوتابخانەی فەرەنسی بە تەواوی دژ و پێچەوانەی یەکترن، لەبەر ئەوەی بنەمای قوتابخانەی سلاڤی فەلسەفەی مارکسیزمە و بنەمای قوتابخانەی فەرەنسیش فەلسەفەی وەزعییە و ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو فەلسەفەیەش "ڕیشەییە، بۆیەش هیچ فەلسەفەیەک وەکو مارکسییەت دژایەتی فەلسەفەی وەزعی نەکردووە"(ئیدریس عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ل٦٦)، بۆیە دەبیینین لە تێڕوانینیان بۆ شتەکان لەم بارەیەوە دژ و پێچەوانەی یەکترن.

هەردوو قوتابخانەی سلاڤی و فەرەنسی گرنگی بە مێژوو دەدەن، بەڵام ئەم گرنگیدانە لە هەریەکێک لەم قوتابخانانەدا جیاوازە و "ئاراستەی فەرەنسی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری پشت بە ڕێبازی مێژووی دەبەستێت بۆ سەلماندنی کاریگەری یان کارتێکردنی ئەدەبی نەتەوەیی جگە لەو یاسایانەی کە کاریگەریان هەبووە لە پەرەسەندنی، لە کاتیکدا کە مارکسییەکان ڕێبازی مێژووییان بە کارهێناوە بۆ سەلماندنی ڕۆڵی کۆمەڵگا و ململانێی چینایەتیی لە پێکهێنانی ئەدەب و دەرکەوتنی ڕەگەزەکانی، ئەگەر بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان لە هەندێک لە وڵاتەکاندا هاوشێوە بوون ئەوا ئەم وێکچوونە کۆمەڵایەتییە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئەدەبێکی

هاوشێوە"(حیدر محمود غیلان،...: ص٩٣)، کەواتە وەک دەردەکەوێت مامەڵەکردنی هەر یەکێکیان لەگەڵ مێژوودا جیاوازە.

لە لایەکی ترەوە قوتابخانەی سلاڤی و فەرەنسی لە خاڵێکدا لێکنزیک دەبنەوە، ئەویش لەوەی قوتابخانەی سلاڤی وەکو قوتابخانەی فەرەنسی دان بە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبدا دەنێت، بەڵام بە پرۆگرامێکی تەواو جیاواز لەوەی فەرەنسییەکان دەیلێن، چونکە قوتابخانەی فەرەنسی تەنیا گرنگی بە مێژووی کاریگەریی و کارتێکراوی دەدات، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی ئەو کاریگەرییە دروست دەکەن، بەڵام قوتابخانەی سلاڤی پێی وایە هەندێک یاسا هەن حوکم بە سەر بزاڤی ئەدەبی و مێژووەکەیدا دەکەن، لەبەر ئەوەی بەرەو پێشچوونی ئەدەب لە سەر هۆکارەکانی کاریگەریی و کارتێکراوی ناوەستێت، لەوانیشەوە سەرچاوە ناگرێت، تەنیا بەو برە نەبێت کە پێویستییەکی حەتمی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا بیخوازێت(ئیدریس عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ل٦٦_٦٧).

ئاڕاستەی فەلسەفەی مارکسیزم کار لە سەر ئەو دیاردانە دەکات کە لە نێوان زۆربەی نەتەوەکاندا هاوبەشن و لایەنە جیاوازەکانی نێوان نەتەوەکان گرنگی پێنادات و فەرامۆشیان دەکات، جگە لەمە ڕەخنەی توند لەو ئاڕاستانە دەگرێت, کە تەنیا جەخت لە سەر لایەنی نەتەوەیی دەکەنەوە و لایەنەکانی تر فەرامۆش دەکەن، چونکە ئەمە تەنها خزمەت بە چەند چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا دەکات، بۆیە شتێکی نامۆ نییە کە بەراوردکاران لە ئاراستەی مارکسیدا بە شێوەیەک لە ئەدەب بکۆڵنەوە کە سنوورە بەرتەسکە نەتەوەییەکان ببڕن(عبدە عبود، ١٩٩٩: ص٤٢).

پێشەواکانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە (فیسیلوڤسکی، جیرمونسکی، نیوبا کویفا، دیونیز دوریزین، هنریک مارکییفیتش، ئالیکساندەر دیما ... هتد)(حیدر خصري، ۲۰۰۸: ص۲۷).

## ۳,۲.گرنگی قوتابخانەی سلاڤی

لە لایەن توێژەرانەوە گرنگی قوتابخانەی سلاڤی لە چەند خاڵێکدا دیاریکراوە کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن(بهنام فومشی و آدینه خجستەپور، ۱۳۹۳: ص۷۵_۸۱):

۱,۳,۲.دوورکەوتنەوە لەو بنەما تیۆریانەی ئەدەبی بەراودرکاری کە ئاراستەی توێژینەوەکانی ئەم بوارەی گۆڕیبوو بۆ توێژینەوەیەکی مێژوویی و لە بەرامبەردا پشت بەستن بە فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالیکتیکی و دروستکردنی تێڕوانینێکی بەرفراوانتر بۆ ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان.

۲,۳,۲.هەڵوەشاندنەوەی بیری بەچەقکردنی ڕۆژئاوا لە کایە هزری و ئەدەبییەکاندا و کردنەوەی دەرگایەک بە ڕووی گرنگیدان بە پرۆسەی ئەدەب و داهێنانی سەرجەم نەتەوە و جەمسەرەکان.

۲.۳.۳.گرنگینەدان بە خاڵ و کاناڵی پەیوەندیی نێوان ئەدەبە لێکچووەکان و نە گەڕانەوە بۆ بەڵگەی مێژوویی لەم ڕووەوە و لە بری ئەمە گرنگیی بە خودی ئەو لێکچوونانە دەدرا کە لە ئەنجامی لێکچوونی هەلومەرجە هاوبەشەکانەوە بەرهەم هاتبوو.

### ٣.چوارچێوەی پراکتیکی

### ٣.١.پوختەی هەردوو ڕۆمانەکە

میرنامە: ئەم ڕۆمانە باسکردنی مێژوویەکی چەند سەد ساڵەی بەر لە ئێستای میللەتی کوردە، ئەویشیان گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی میرنشینە کوردییەکان، کە چۆن میرە کوردەکان بوونەتە نۆکەری داگیرکەرانی وەک دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و بەردەوام پەلاماری یەکتر دەدەن، کە ئەمەش دواجار بووەتە هۆی شکستی سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد، لەم نێوەندەشدا ڕۆماننووس (ئەحمەدی خانی)ی وەک ڕۆشنبیرێک دژی دەسەڵات دەرخستووە، کەوا لە ڕێگەی ئەمەوە پەنجە لەسەر هەڵە و کەم و کورتییەکانی میرنیشینە کوردییەکان دادەنێت و ڕەخنەی ئەوەیان ئاڕاستە دەکات، کە بونەتە نۆکەری بێگانە و شەڕی براکوژی دەکەن. ئەم ڕەخنەگرتنەی خانیش ململانێ لە نێوان میر و ئەحمەدی خانی دا دروست دەکات تا دواجار وایلێدێت میر هەوڵی لە ناوبردنی خانی و دەرمان خواردکردنی بدات.

سەمەرقەند: ئەم ڕۆمانەش گەڕانەوەیە بۆ مێژووییەکی چەند سەد ساڵەی بەر لە ئێستای میللەتی فارس، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی سەلجووقییەکان و غەزنەوییەکان و ئەتابەگییەکان و مەغۆل و سەفەوییەکان. باس لە شەڕ و ململانێی نێوان ئەم دەسەڵاتانە دەکات، ئەمە جگە لەو ململانێیەی لە ناو خۆیاندا هەیانبووە بۆ هاتنەسەر دەسەڵاتی سوڵتان و حاکمەکانییان، ڕۆماننووس هاتووە لە ڕێگەی باسکردنی ژیانی شاعیری بەناوبانگی

فارس (عومەر خەیامی نیشاپووری) گەڕاوەتەوە بۆ باسکردنی ئەم مێژووە و بە شێوەیەکی زۆر ورد ڕووچووەتە نێو مێژووی ئەو سەردەمە. بۆ باسکردنی مێژووی دواتریش واتا سەردەمی سەفەوی و عوسمانییەکان و پاشانیش سەردەمی مەشروتییە، ڕۆماننووس لە ڕێگەی باسکردنی چۆنییەتی بڵاوبونەوەی چوارینەکانی خەیام بە دونیای ڕۆژئاوادا و گەڕانی ڕۆژهەڵاتناسەکان و هاتنیان بۆ وڵاتی فارس باس لەم قۆناغە مێژووییە دەکات.

## ٣.٢.لێکچوونەکان:

### ٣.٢.١.لێکچوونی ژیان و کەسایەتیی کاراکتەری سەرەکی هەردوو ڕۆمانەکە

لێرەدا نامانەوێت ئەو لێکچوونەی لە نێوان ئەم دوو ڕۆمانەدا هەیە لەو لایانانەی پەیوەندی بە ژیانی هەردوو شاعیرەکەوە هەیە بیگەڕێنینەوە بۆ لایەنی کاریگەری و کارتێکردن و بڵێین نووسەرێک لە ژێر کاریگەری ئەویتریان دابووە و دواجار ئەمەش بووەتە هۆی لێکچوونی هەردوو ڕۆمانەکە، بەڵکو لێرەدا دەمانەوێت بڵێین ئەو لێکچوونەی لە نێوان ئەم دوو ڕۆمانەدا هەیە لەو لایانانەی پەیوەستن بە ژیانی شاعیرەکانەوە بۆ لێکچوونی بارودۆخی ژیانی هەردوو شاعیرەکە دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی لێکچوونی هەردوو ڕۆمانەکە. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو لێکچوونانەی پەیوەندی بە ژیانی هەردوو شاعیرەکەوە هەیە لە هەردوو ڕۆمانەکە بیان خەینەڕوو و لە هەمان کاتیشدا هۆکاری دروست

بوونی لێکچوونەکان بگەڕێنینەوە بۆ لێکچوونی بارودۆخی ژیانی هەردوو شاعیرەکە.

### ١,١,٢,٣.هەڵبژاردنی خانی و خەیام وەکو کاراکتەری سەرەکی هەردوو ڕۆمانەکە:

هەروەکو پێشتر خستمانەڕوو، هەردوو ڕۆمانەکان گەڕانەوەن بۆ مێژووی چەند سەد ساڵەی بەرلە ئێستای میللەتێک و لە هەردووکیشیاندا ڕۆماننووس لەڕێگەی باسکردنی ژیانی شاعیرێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەرباسکردنی ئەم مێژووەوە، دیارە لەبواری مێژووشدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆسەر مێژووی نەتەوەیەک زیاتر دەگەڕێینەوە بۆ باسکردنی ئەو دەسەڵاتەی لەوکاتە حوکمڕانی کردووە. ئەوەی وایکردوو لێکچوون لە نێوان ئەم دوو ڕۆمانە دروست بێت لەوەی، کە هەر یەکەیان شاعیرێک هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ژیانی ئەم شاعیرانەوە گوزارشت لە مێژووی نەتەوەیەک بکەن، بۆ لێکچوونی بارودۆخی ژیانی هەردوو شاعیرەکە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەحمەدی خانی لەگەڵ میرە کوردەکان پەیوەندی هەبووە و "بۆتە نووسەری دیوانی میر مەحەمەد"(ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٢: ل٢١٩) و لە ڕۆمانەکەشدا باسی ئەوە دەکات، کە خانی نووسەری دیوەخانی میر بووە و دەڵێت: "خانی باش کاتبی دیوەخانی میر و نووسەری نامە و فەرمانەکانی ئەو"(جان دۆست، ٢٠١٣:ل٢٠١) بووە و  ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە هەروەکو دەزانین خانی لە (مەم و زین)ەکەیدا باس لە یەکنەگرتنی میرە کوردییەکان دەکات و ڕەخنەیان لێ دەگرێت و دژیان دەوەستێتەوە، هەروەک لە ڕۆمانەکەشدا هاتووە "وێڕای ئەوەی میرەکاتی بایەزید

چاکە و پیاوەتییان لەگەڵدا کرد، تاکو لای هەندێکیان بووە بە نووسەری دیوان، کەچی لە کتێبەکەیدا میرزابەگی میری پێشوومانی شوشتبوەوە و لە بارەیەوە وتبووی:

ئەوێک زانست و ئەدەبی لا نەپەسەندە

بەسڵ و نەسەبی خۆی وی ڕەوەندە

وای لەم جەور و ناحەقییە!! ئەرێ خەڵکینە میرزا بەگ کەی ڕەوەند بوو؟ ئاخر چۆن قەڵەمەکەی گەڕا و ئەم درۆ بێ بنەمایەی بۆ هەڵبەست؟ کەواتە گشت ئەو چاکە و پیاوەتییەی میرەکانمان لە گەڵیدا نواندیان درایە دەم ئاوەوە"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل١٠٩_١١٠). هەروەک دەبینین لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەی (خانی) بە دەسەڵاتی ئەو کاتەوە هەیەتی بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆماننووس (خانی) هەڵبژێرێت و لە ڕێگەی ژیانی ئەوەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە و گوزارشت لەو مێژووە بکات.

خەیامیش لە ژیانی خۆیدا پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەبووە و "ئەگەر مەلیکشا یان خواجە نیظام الملک ویستبێتیان چاویان پێ دەکەوێ"(خەیام، ١٣٧٠: ل١٨)، ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی خەیام پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتداران و سوڵتان و سەرکردەکاندا هەبووە، هەروەک لەسەرەتای ڕۆمانەکە دەردەکەوێت، کاتێک خەیام توشی کێشە دەبێت و لێی دەدرێت و پاشان دەبرێتە لای قازیی سەمەرقەند، کە دەزانێت خەیامە دەبێتە هاوڕێی و "قازی هەڵدەستێت و دەچێت لە تەنیشتی خەیامەوە دادەنیشێ و دەستێکی باوکانە دەخاتە سەرشانی. پاسەوانەکان لە نێوان خۆیانا بە واق وڕماییەوە تەماشای یەکتر

دەکەن"(ئەمین مەعلوف، ٢٠٠٢:ل١٩). تا کۆتایی ڕۆمانەکە ڕۆماننووس لە ڕێگەی ژیانی خەیامەوە باس لە دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکان دەکات، تەنانەت دوای مردنی خەیامیش ڕۆماننووس لە ڕێگەی کەشکۆڵەکەی خەیامەوە باس لە دەسەڵاتەکانی دواتر دەکات، بەو پێیەی کاتێک ناوبانگی خەیام لە ڕۆژئاوا بڵاودەبێتەوە ڕۆژئاواییەکان دێنە وڵاتی فارس بە دوای کەشکۆڵەی خەیامدا دەگەڕێن و لەوێوە ڕۆماننووس باس لە دەسەڵاتەکانی دواتر دەکات تاوەکو هاتنی سەردەمی مەشروتییە.

کەواتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم دوو کەسایەتییە لەلایەن ڕۆماننووسانەوە وەکو کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردووکیان لە ژیانی خۆیاندا پەیوەندییان بە دەسەڵاتی سەردەمی خۆیانەوە هەبووە و ئەمەش ئاسانکاری بۆ ڕۆماننووس فەراهەم دەکات بە ئاسانتر بگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووانە و باسی دەسەڵاتەکانی ئەو سەردەمە بکات.

٢,١,٢,٣.شاعیربوونی خەیام و خانی

لە ڕۆمانی سەمەرقەنددا کاراکتەری سەرەکی عومەر خەیامی نیشاپوورییە، کە وەکو شاعیر و زانا و فەیلەسوف دەردەکەوێت، هەروەک لە ڕۆمانەکەدا لە بارەی خەیامەوە هاتووە "دەبوایە سەرتاپای مرۆڤایەتی هەشت سەدە چاوەڕوان بوایە بۆ ئەوەی چوارینەکانی بە ڕەسەنترین شعیری هەموو سەردەمەکان بچوێندرێت"(ئەمین مەعلوف، ٢٠٠٢: ل ٢١)، لە ڕۆمانی میرنامەدا (ئەحمەدی خانی) کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و وەکو شاعیر و

زانایەکی ئایینی دەرکەوتووە و لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: "بینیم خانی هۆزانێ خۆ بە زمانی کوردی دەهۆنێتەوە"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٨٣).

کەواتە کاراکتەری سەرەکی لە هەردوو ڕۆمانەکەدا شاعیرن، ئەمەش بۆ هاوشێوەی ژیانی هەردوو کاراکتەرەکە دەگەڕێتەوە، کە هەردووکیان شاعیرن، عومەر خەیامی نیشاپووری شاعیرێکی بەناوبانگی فارسە، خانیش شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە، بۆیە ڕۆماننووس لە ڕۆمانی سەمەرقەندا کاتێک دەیکاتە کاراکتەری سەرکی ڕۆمانەکە وەکو شاعیرێک دەریدەخات، لە ڕۆمانی میرنامەشدا بە هەمان شێوە کاتێک ڕۆماننووس (خانی) دەکاتە کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە وەکو شاعیرێک دەریدەخات، کەواتە لێکچوونی ژیانی هەردوو کەسایەتییەکان، کە هەردووکیان شاعیرن وایکردووە وەکو کاراکتەر لە ڕۆمانەکە وەکو شاعیر دەربکەون.

٣,١,٢,٣.بەکافر دانانی خانی و خەیام

ئەگەر چاوێک بە لاپەڕەکانی مێژووی ژیانی زانا و شاعیر و خواناسەکاندا بخشێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت زۆربەیان لە سەردەمی خۆیاندا تووشی کێشە هاتوونەتەوە بەهۆی ئەوەی لەو کۆمەڵگایەی تیایدا ژیاون بیرەکانیان وەرنەگیراون یان بە هەڵە لێکدانەوەیان بۆ کراوە، دواجار ئەمەش تووشی دەربەدەری و ئاوارەیی کردوون و تەنانەت هەندێک جار سزای مەرگیان بەسەردا سەپێنراوە. عومەر خەیام لەسەردەمی خۆیدا شاعیر و فەلەکناس و پزیشک و فەیلەسوف و... هتد بووە، تێروانینێکی قوڵی بەرانبەر بە

ژیان و دیاردەکانی ناوی هەبووە، بەشێکی زۆری ئەم باوەڕانەشی لە چوارینەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم باوەڕانەشی لەسەردەمی خۆیدا تووشی کێشەی کردووە و تا دواجار بەدەرچوون لە دین و کافریان داناوە. هەرچی خانییە بە هەمان شێوەی خەیام، شاعیر و زانای ئایینی و شێخ بووە، دیارە خانی لە داستانی (مەم و زین)دا لە پێشەکییەکەیدا دێتە سەر باسی کۆمەڵێک شت وەک (اسرا و معراج)ی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) و لەناو چیرۆکەکەشدا باسی ژوانی عاشقان دەکات. ئەمەش وایکردووە لەسەردەمی خۆی هەندێک جار بەدەرچوو لە دینی دابنێن، کەسایەتی خەیام لە ژیانیدا چۆن بووە بە هەمان شێوە لە ڕۆمانی (سەمەرقەند)یش وەکو کاراکتەرێک دەرکەوتووە و لە ڕۆمانەکە بە کەسێکی دەرچوو لە دینی دایدەنێن و هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا یەکێک بە خەیام دەڵێت: "ئاخر چۆن دەبێت خاوەنی ئەم چوارینەیە نەناسمەوە کە پڕی لە تەقواو خوا ناسییە:

هاتیت و گۆزەت شکاندم خودا

رێی لەزەتت لێ گرتم خودا

لەسەر ئەم خاکە شەرابت ڕشتم

لێم ببوورە، ئەرێ تۆ مەست نیت خودا؟"(ئەمین مەعلوف، ٢٠٠٢: ل١٢)

لێرەدا بە ناڕاستەوخۆ خەیام بەکافر دادەنێت، کاتێک خەیام دەبەنە لای قازی، قازی پێی دەڵێت: "قسەی ناڕەوا و کفری وایان

پێڕاگەیاندووم کە هەر بە وتنەوەی بە قەدەر ئەوەی کە نووسیویەتی هەست بە گوناه دەکەم"(ئەمین مەعلوف، ۲۰۰۲: ل۱۷). لێرەدا ئەم قسەیە ئاڕاستەی خەیام دەکات و باسی چوارینەکانی دەکات، کەوا پڕن لە کفر. لە شوێنێکی تردا کاتێک لە کۆشکی والی (مەرەڤە) گفتوگۆ لە بارەی بابەتێکی ئایینی دەکرێت یەکێک دەیەوێت ڕای خەیامیش لە بارەی بابەتەکەوە وەرگرێت، یەکێکی تر بە خەیام دەڵێت: "نەم دەزانی کە خوا نەناسێک دەتوانێ لە مەڕ عەقیدەی ئێمەوە ڕای خۆی دەربڕێ!"(ئەمین مەعلوف، ۲۰۰۲:ل۱۷٤)، لە چەندین شوێنی تری ڕۆمانەکەدا باس لە دەرچوونی خەیام لە دین دەکرێت.

ئەحمەدی خانی وەکو کارەکتەرێک لە ڕۆمانی (میرنامە)دا لە چەندین شوێن ڕەخنەی لێدەگیرێت و بە دەرچوو لە دین دادەنرێت. بۆ نموونە مەلا فەرید کاتێک مەلایەکی خەڵکی قارس پێیدەڵێت کەوا خانی لە دین دەرچووە دەچێت کتێبی (مەم و زین) دەکڕێت و دەیخوێنێتەوە دەڵێت:"کاتێک دیباجەی کتێبەکەم خوێندەوە، مات و ئەبڵەق مام. گەلێک دێڕی سەبارەت بە مەزنی پەروەردگار و ستایشی پێغەمبەر هۆنیووەتەوە، لێ بە وشەیێک باسی ئیبلیسی نەفرەتی کردبوو لە ئاین دەری دەکرد و دەرگای دۆزەخی بۆ دەخستە سەر گازی پشت. چما کەسێک لە ناو موسڵمانانەدا (بەدەر لە زاناکان) هەیە پشتگیری لە شەیتان بکات؟ ئەڵا ئەڵا، چۆن توانی کفری وابکات؟"(جان دۆست، ۲۰۱۳: ل۱۰٤). لە بارەی میعراجی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لە کتێبەکەی (مەم و زین) مەلا فەرید ڕەخنە لە خانی دەگرێت و دەڵێت:"هەرچی قسەکانییەتی سەبارەت بە میعراج، ئەوا خانی داوای لە پێغەمبەرمان کردووە

گلەیی لە پەروەردگار بکات!! تۆبە خودایە، کەس هەیە گلەیی لە یەزدانی مەزن بکات!"(ئەمین مەعلوف، ٢٠٠٢: ل١٠٤)، لە چەندین شوێنی تری ڕۆمانەکەدا باس لە لادانی ئایینی خانی دەکرێت.

٤,١,٢,٣.ڕێزگرتن لە خەیام و خانی لەلای سەرکردە و دەسەڵاتداران

لە زۆربەی سەردەمەکاندا شاعیران و زانایان لە کۆمەڵگەکانیاندا ڕێزیان لێگیراوە و بە هۆی بەرزی پلەی زانستییان بوونەتە جێگەی ڕێزی خەڵک، سەرکردە و دەسەڵاتدارانیش هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان زانایان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە جا چ بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بێت یان لەبەر بەرزی پلەی زانستیان. خەیامیش لەسەردەمی خۆیدا زانا و شاعیر و فەیلەسوف بووە بۆیە دەسەڵاتداران هەمیشە ڕێزیان لێگرتووە و ویستوویانە لێیانەوە نزیک بێت، کاتێک وەک کاراکتەرێک لە ڕۆمانەکە دەردەکەوێت دەبینین دەسەڵاتداران ڕێزیان لێگرتووە. هەروەک لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت کاتێک خەیام دەبەنە لای قازی سەمەرقەند قازی پێی دەڵێت: "شەرەفە بۆ من ئا لەم شوێنەدا، پێشوازی لە عومەر خەیامی نیشاپووری بکەم"(ئەمین مەعلوف، ٢٠٠٢: ل١٦)، یان لە شوێنێکیتردا گەورەی هەموو ئۆزبەگیستان ڕێز لە خەیام دەگرێت و هاتووە کە "گەورە ئۆزبەگیستان، هەروەکو مێژوونووسان دەیگێڕنەوە، هەندە ڕێز و تەقدیری لە عومەر خەیام گرتووە، بردۆتی لە تەنیشتی خۆی لەسەر تەخت داینیشاندووە"(ئەمین مەعلوف، ٢٠٠٢: ل٣٩). تەنانەت ڕێزی خەیام ئەوەندە زۆرە لای دەسەڵاتداران ئەوەتا سوڵتانی سەلجووقییەکان لە بڕیاری خۆی پەشیمان دەبێتەوە لەبەر خاتری خەیام، کە بڕیاری کوشتنی بۆ حەسەن سەباح

دەرکردبوو: "لەبەر خاتری تۆ خواجە عومەر لە هەمووان حەکیمتر و لە هەمووان پاکژتر، واجارێکی دیکەش لە بڕیاری خۆم دێمە خوارەوە"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل١٠٧).

ئەحمەدی خانی شاعیر و زانای ئایینی و شێخ بووە، دیارە لە کۆمەڵگای کوردەواریش مەلا و شێخ ڕێزیان لێدەگیراو لای میرەکانیش جێگەی ڕێزبوون و بۆیە خانیش لەسەردەمی خۆیدا زۆر ڕێزی لێگیراوە و بووەتە کاتبی میر هەروەک لە ڕۆمانەکەشدا هاتووە: "وێڕای ئەوەی میرەکانی بایەزید چاکە و پیاوەتییان لەگەڵدا کرد، تاکو لای هەندێکیان بووە نووسەری دیوان"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل١٠٩)، لە شوێنێکیتری ڕۆمانەکەدا خانی دەیەوێت نامە بۆ میر تەیمووری فاسق بنووسێت و دەڵێت: "وابزانم دەرگەی دیوەخانی میر بۆ ئەو هەمیشە لەسەر پشت بوو. ئیدی چ پێویست بە نامە نووسین دەکات بۆ میر؟"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٤٠). بەهەمان شێوە لە شوێنێکیتردا کاتێک خانی دەیەوێت نامە بۆ میر بنووسێت مەلا ساڵحی جزیری پێدەڵێت: "قوربان، چ حەوجە بە نامە نووسین دەکات؟بە خۆت برۆ بۆ لای، بە خوای ئەو زۆر ڕێزت لێدەگرێت"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٢٠٥). هەموو ئەمانە بەڵگەی ڕێزداری خانین لە لای میران.

٥,١,٢,٣.زیرەکی خانی و خەیام و بەرزی پلەی زانستییان

خانی لە ژیاندا کەسێک بووە بەردەوام بە دوای زانست و زانیاریدا گەڕاوە و هەمیشە لە هەوڵی فێربووندا بووە. هەروەک عەلائەددین سەججادی لە بارەی خانییەوە دەڵێت: "لە هەرلایەکە

ئەبێ عالمێکی بە ناوبانگ هەیە بۆ وەرگرتنی عیلم و زانیاری، ڕووی تێ ئەکا"(عەلائەددین سەججادی، ١٣٨٩: ل٢٢٥) و لە ئاکامی ئەم گەڕانەدا دواجار لە جزیرە "ئیجازەی دوازدە عیلمی مەلایەتی بە پێی بەرنامەی خوێندنی ناو کوردەواری وەرگرتووە"(مارف خەزنەدار، ٢٠١٠: ل٣٦٧). هەروەک دەبینین خانی لە ژیانیدا کەسێکی زیرەک و بە توانا بووە و گەیشتووە بە پلەیەکی بەرزی زانستی. کاتێک لە ڕۆمانی میرنامەشدا وەکو کاراکتەرێک دەردەکەوێت وەکو کەسێکی زیرەک دەردەکەوێت، کە لە پلەیەکی بەرزی زانستیدایە، (ئۆمەری خەزنەدار) لە بارەی زیرەکی خانی لە تەمەنی منداڵیدا دەڵێت: "تا بڵێی زیرەک و بیر تیژ بوو، دەیتوانی لە هەفتەیەکدا سوورەتێکی تەواوئەزبەر بکات"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٤٢). هەر لە بارەی زیرەکی خانییەوە باوکی خانی دەڵێت: "خالید گیان بە چاوی منداڵ تەماشای ئەحمەدی کوڕم مەکە. ئەو لە تەمەنی خۆی گەورەترە و لە ئاو پتر تینووی زانستە. ئەو بچووکە، بەڵام زمانی تووتییانی قوت داوە. شەوان بە خوێندنی قورئانی پیرۆز ڕۆژ دەکاتەوە. لەم تەمەنەیدا جوزو عەممەی تەواوکردووە و ئێستا جوزو تەبارەک دەخوێنێت. دەفەرموودەی ئیمام نەوەویی ئەزبەر کردووە"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل١٦٦). لە بارەی بەرزی پلەی زانستیشیەوە لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکە باسی بەرزی پلەی زانستی کراوە و هاتووە کە "خانی زانایەکی زاخ و بەزیک و زاکوی وابوو کەسمان بەو نەدەگەیشتین. من ئیجازەی مەلایەتیم لەسەر دەستی ئەو وەرگرت وانەی فیقهی پێ دەگووتمەوە. لە چوار مەزهەبان چیت لێ بپرسیایا دەیزانی و بێ وەڵام نەیدەهێشتینەوە"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل١٠١) یان "خانی لە دەریای زانستدا مەلەوان بوو"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل١٠٤). ئەمانە و

له چەندین شوێنی تری ڕۆمانەکەدا باس لە زیرەکی و بەرزیی پلەی زانستیی خانی دەکات، وەک چۆن لە ژیانی خۆیدا کەسێکی زیرەک و زانا بووە دەبینین لە ڕۆمانەکەشدا بە هەمان شێوە دەرکەوتووە.

خەیامیش لە ژیانی خۆیدا کەسێکی زانا و بلیمەت بووە و شاعیر و ئەستێرەناس و فەیلەسوف و......هتد بووە، و "وەک مێژوو پێمان ئەڵێ، مامۆستایەکی گەورە و هۆزان بووە و گەلێک سیپارە و نوسراوی بە نرخی دەربارەی ژمارە و ئەستێرە ناسین هەبووە و بناغەی دانەری سالپێوی جەلالی بووە و گەلێک شتی تریشی لە هەموو بابەتێکەوە زانیوە"(خەیام، ١٣٧٠: ل١٨). کاتێک لە ڕۆمانی (سەمەرقەند)دا وەکو کاراکتەرێک دەردەکەوێت بە هەمان شێوە وەکو کەسێکی زیرەک و پلە بەرز لە زانستدا دەردەکەوێت، قازی سەمەرقەند بە خەیام دەڵێت: "تۆ کابرایەکی نەناسراونیت لە سەمەرقەند. سەرەڕای ئەوەی، کە لاوی زانیاریت نموونەیین و بەسەرهاتەکانت لە قوتابخانەکاندا باس دەکرێن، ئەوە ڕاست نییە، کە لە ئیسفەهاندا حەوت جاران کتێبێکی گەورەی ئیبن سینات خوێندۆتەوە و کە گەڕایتەوە نیشاپوریش حەرف بە حەرف هەموویت لەبەرکردووە؟"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل١٦)، هەر قازی سەمەرقەند لەبارەی خەیامەوە دەڵێت: "یاخوا ئیمام عومەری خەیام بەخێربێت، کەسێک نییە لەمەڕ زانیاری حەدیسەوە شان لە شانی ئەو بدات و مەرجەعێکە کەس ناتوانێ ڕەتی بکاتەوە و دەنگێکە کەس ناتوانێ بەرپەچی بداتەوە"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل٢٢)، یان لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا هاتووە حەسەن سەباح بە خەیام دەڵێت: "تەقدیرێکی زۆریشمان بۆ عومەری ئەندازەناس و عومەری جەبرناس و عومەری ئەستێرەناس و عومەری فەیلەسوف

هەبێت"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل٧٩). وەک بینیمان خەیام لە ژیانیدا کەسێکی زیرەک بووە و لە پلەیەکی بەرزی زانستیدا بووە. بەهەمان شێوە لە ڕۆمانەکەشدا وەکو کەسێکی زیرەک و ئاست بەرز لە زانستدا دەرکەوتووە. بەم پێیە دەبینین جۆری تێڕوانین و مامەڵەکردنی کۆمەڵگا وەکو نەریت و ڕێسایەکی کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە کەسی خاوەن زانست و پێگەی زانستی کە بە دیدێکی بەڕێز و شکۆمەندانەوە دەڕوانێتە خاوەن ئەم بەهرانە، لە ئاستی سەرەوەدا سروشتێکی لێکچووی بۆ کەسێتی و تێڕوانینی دەوروبەریان بۆ هەردوو کاراکتەر دروست کردوە.

٦,١,٢,٣.نەویستنی ماڵ و سامان و پلەوپایە لای خانی و خەیام

لەهەر سەردەم و زەمانێکدا کۆمەڵێک زانا هەڵدەکەون کە ماڵ و سامان و پلەوپایە هیچ نرخێکی ئەوتۆیان نابێت لە لایان و ئەوەی جێی بایەخە دەبێت لە لایەن زانست و زانیارییە، دیارە خانی و خەیامیش هەردووکیان لەسەردەمی خۆیاندا زانا بوونە و بایەخیان بە ماڵی دونیا و پلەوپایە نەداوە، کاتێک لە ڕۆمانەکانیشدا وەکو کاراکتەرێک دەردەکەون بەهەمان شێوە ماڵ و سامان و پلەوپایە هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییە لە لایان. بۆ نموونە خانی لە ڕووی ماڵ و سامانەوە وەک لە ڕۆمانەکەدا هاتووە گوێی بە ماڵی دونیا نەداوە و ئەوەی هەشی بووە داویەتییە خەڵکی و لە شتی گشتی خەرجکردووە و دەڵێت: "هیچی نەبوو، تەنانەت نیوەی ئەو میرایەتییەی لە خوا لێخۆشبوو مەلا ئەلیاسی باوکی بۆی مابووەوە، بەخشی بە مەلا قاسمی برای و نیوەکەی تریشی بۆ بینای فێرگە و مزگەوت و فەقێکان خەرجکرد، ئەو مرۆیەکی دوژمن بەرزقی خۆی

بوو، تەنانەت ئەو کاتی نقیسکاری دیوانی میر بوو گوێی بە ماڵی دنیانەدەدا و هیچی لێ کۆنەدەکردەوە"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٧٣)، یان لە شوێنێکی تردا لە باسی خانی هاتووە: "ئەو مرۆێکی دنیا نەویست بوو"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٧٧). تەنانەت خانی دابەزیوەتە سەر پارەداران و هاتووە کە: "خانی حەزی بە پارە نەبوو و لە کتێبەکەیدا دابەزیوەتە سەر پارەداران، لە زەمکردنەکەیدا دەبێژێت، خۆشەویستی بۆ پارە و ماڵ مرۆڤ بەد ناوپیس دەکات"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٧٨)، جگە لەمە خانی وازی لە پلەوپایە هێناوە و "خانی وازی لە نقیسکاری هێنا"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٢٠٣)، واتە خانی لای میر کاتب بووە و وازی لێهێناوە، هەروەها میر نەیتوانیوە خانی بە ماڵی دونیا ڕازی بکات و دەڵێت: "نەیتوانی ڕازیبوونی خانی بە هەموو ماڵی دنیا بکرێت"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٢٠٤_٢٠٥).

خەیامیش لە ڕۆمانەکەدا کەسێکە حەز بە ماڵ و سامان و پلەوپایە نەکات، ئەوەتا کاتێک قازی سەمەرقەند خەیام بە ناسرخان دەناسێنێت, ناسرخان بە خەیام دەڵێت: "خۆزگە پڕزارت لە زێڕ دەبوو"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل٣٨)، مەبەست لەم دەربڕینە ئەوەیە پڕ بە دەمی خەیام زێڕی پێبدەن، بەڵام خەیام ئەمە ڕەتدەکاتەوە و دوای مشتومڕ لەسەر وەرنەگرتنی زێڕەکان خەیام بەم چوارینە وەڵامی ناسرخان دەداتەوە:

ڕووم کردۆتە تۆ، ئایا لەبەر هەژارییە؟

گەر ئارەزوو سادەبێت کەس هەژارنییە

گەر بتوانی ئینسانی ڕاست و ئازاد شەرەفمەند بکەی

له شەرەف زیاتر، هیچی ترم داوانییە

(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل٣٩)

له شوێنێکی تردا نیزامولمولک وەزیری مەلیکشا بە خەیام دەڵێت: "هەر چییەکت دەوێ دەستگیرت دەبێ. لە هیچ سڵ نەکەیتەوە، دەقەیەک چییە، مەیەڵە ئەم دەسبڵاوییە شێتییەمت لە دەست چێت!"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل٨٧)، خەیام لە وەڵامدا دەڵێت: "من هیچ شتێکی دیکەم ناوێ تەنها ئەوە نەبێت کە بتوانم کارە موتەوازیعەکانم ڕاپەڕینم و بەبێ ئەوەی موحتاج بم. شتێک هەبێ بیخۆم و شوێنێکیش هەبێ تیای بخەوم و شتێکیش هەبێ بیکەمە بەر، چلێسی من ئەمە تەجاوز ناکات"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل٨٨).

لە بارەی پلەوپایەشەوە نیزامولمولک دەیەوێ بیکاتە سەرۆکی زانیارییەکانی ئیمپراتۆرییەت و پێی دەڵێ برۆ بیری لێبکەوە، خەیام حەزی لە پلەوپایە نییە و هەر حەزی لە زانستە بۆیە بڕیاردەدات ڕەتی ئەم داوایەی نیزامولمولک بکاتەوە، کاتێک خەیام دەگەرێتەوە لای نیزامولمولک لە ڕوخساریدا دەبینێت کە داواکەی ڕەت دەکاتەوە و لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: "هەرکە ڕووخساری عومەری لە چوارچێوەی دەرگاکەوە بینی، لەوە تێگەیشت کە عومەر وەڵامێکی نێگەتیڤی پێیە کەواتە، پڕۆژەکانی منت بە لاوە گرنگ نییە. خەیام بە غەمگینییەوە، بەڵام سوورە لەسەر وەڵامەکەی"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل٩٢_٩٣). لە شوێنێکی تردا تەرکەن خاتوونی خێزانی سوڵتان دەیەوێ خەیام بکات بە وەزیر و پێیدەڵێت: "دەیەوێ ئەوە پێشنیاری سوڵتان بکات کە تۆ بە وەزیری گەورە تەعین کات"(ئەمین

مەعلووف، ٢٠٠٢: ل١٠٢)، بەڵام "عومەر ڕازی نییە داواکانیان قبووڵ کات"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل١٠٣). هەموو ئەمانە دەری دەخەن کە خەیامیش هاوشێوەی خانی ماڵ و سامان و پلەوپایەی نەویستووە.

٧,١,٢,٣.تێڕوانینی خانی و خەیام بۆ ئایین

لێرەدا دەمانەوێ ئەوە بڵێین لای خانی و خەیام یەک ڕێگا نییە بۆ گەیشتن بە خودا، بەڵکو چەند ڕێگەیەک هەن بۆ گەیشتن. دیارە خانی و خەیام لەسەردەمی خۆیاندا زانای ئایینی بوونە و تێڕوانینێکی قوڵیان بۆ ئایین هەبووە و وەکو مەلاکانی سەردەمی خۆیان نەبوونە کە خوێندنەوەیەکی ڕووکەشیانەیان بۆ دین هەبێت، بۆیە دەبینین تێڕوانین و بیرکردنەوەی جیاوازیان هەبووە، ئەمەش لە ڕۆمانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

خانی لە نێو ڕۆمانەکەدا کاتێک وەکو کاراکتەرێک دەردەکەوێت پێیوایە چەند ڕێگا و ڕێبازێک هەن بۆ گەیشتن بە خودا و دەڵێت: "چەند ڕێگە و ڕێبازێک هەن هەموویان دەچنەوە سەر پەروەردگاری مەزن.

ـ کافریش

ـ قسەی وەک: کافر، ئێزدی، موسڵمان، عیسامەزەب، جوولەکە، لە زاهیردا جیاوازن لێ لە بنەغەدا یەکن. هەموویان لە بازنەی بوونی خودی ئیلاهییدا خاڵی ڕیزکراو و بە دوای یەکدا هاتوون. خودا بە حیکمەتی خۆی گەلێک ئایین و مەزهەبی بۆ بەشەر نازل کردووە، تا

یەکتر  بناسن. تەواو وەک هەمەڕەنگینی گوڵان و سەرجەم بوونەوەران لە زەوی و ئاسماندا. خودا بۆ خۆی خاوەنی نەوەت و نۆ ناوە....."(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٢٥١)، لە شوێنێکی تردا تێڕوانینی خانی لە بارەی ئایینەکانی ترەوە دەردەکەوێت و هاتووە: "بەیانیی یەکشەموان هەینێ زەنگی کلێساکان لێیان دەدا، بەڕوویەکی گەشەوە دەیگوت:

- گوێ ڕادێرە ساڵح، خوا بە چەندین شێوە بانگی بەندەی خۆی دەکات"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل١٩٢).

خەیامیش هەروەک لەبەرهەمەکانییەوە دیارە تێڕوانینێکی تری بۆ ئایین هەیە، ئەمەش لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، کاتێک خەیام تۆمەتی کافربوونی دراوەت پاڵ خەیام بە قازی سەمەرقەند دەڵێت: "من لەو کەسانە نیم کە ئیمان و باوەڕی، تەنها توند و تیژی حوکمدان بێت، من لەو کەسانە نیم کە نوێژکردنەکانی، تەنها پشت چەمانەوەبێت و بەس شێوەی نوێژکردنی من؟ لە گوڵێک ورد دەبمەوە، ئەستێران دەژمێرم، سەرم سوڕدەمێنێ لە جوانی مەخلوق، لە کەماڵی نیزامەکەی، لە ئینسان ورد دەبمەوە کە جوانترین شاکاری خودایە، لە مێشکی ورد دەبمەوە کە تینووی مەعریفەتە، لە دڵی ورد دەبمەوە کە تینووی عیشق و خۆشەویستییە، لەهەستی، لە هەموو هەستەکانی ورد دەبمەوە چ وریا یا پڕ"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل١٩)، وەک دەبینین لای خەیام ڕێگەی گەیشتن بە خودا تەنیا نوێژکردن نییە، بەڵکو سەرنجدان و لێبوردبوونەوەیە لە مەخلووقی خودا کە چەندە جوان دروست کراون.

کەواتە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو لێکچوونانەی خستمانەڕوو لە بارەی کاراکتەری سەرەکی هەردوو ڕۆمانەکە (خانی و خەیام) دەگەڕێتەوە بۆ هاوبارودۆخی ژیانی هەردووکیان.

**٣.٢.٢.دووەم: لێکچوونی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی**

لێرەدا دەمانەوێ ئەو لێکچوونانە بخەینەڕوو، کە پەیوەستن بە لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و گەڕاندنەوەی لێکچوونەکان بۆ هاوباڕوودۆخیی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، کە هەردوو ڕۆمانەکە باسی دەکەن.

٣.٢,٢.١.داگیرکاری و شەڕ و کوشتار

هەروەک پیشتر خستمانەڕوو ڕۆمانی (سەمەرقەند) گەڕانەوەیە بۆ مێژوویەکی چەند ساڵەی بەر لە ئیستا کە ئەویش سەردەمی غەزنەوییەکان و سەلجوقییەکان و ئەتابەگییەکان دەگرێتەوە تا دەگاتە سەردەمی دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی و سەردەمی مەشروتییە لە ئێران. وەک دەزانین ئەم سەردەمانەش پڕیەتی لە داگیرکاری و شەڕ و کوشتار و ململانێ بۆ هاتنە سەر دەسەڵات، ڕۆمانی (سەمەرقەند)یش کە باس لەو سەردەمانە دەکات ئەو داگیرکاری و شەڕ و کوشتارەی ئەو سەردەمەی تێدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە باسی داگیرکردنی نیشاپوور لە لایەن سەلجوقییەکان دەکات و دەڵێت: "خەڵکی نیشاپوور سبەینانێک لە خەو هەڵدەستن شارەکەیان بە تەواوی لە لایەن لەشکری تورکانەوە گەمارۆ درابوو دوو براش سەرکردەی لەشکرەکە بوون توغرول بەگ (باز) و چاغری بەگی( باشوکە) بوون هەردووک کوڕی

میکائیلی کوڕی سەلجوق بوون"(ئەمین مەعلووف، ۲۰۰۲: ل٤٠)، یان لە شوینێکی تردا باسی داگیرکردنی شاری سەمەرقەند و بوخارا دەکات لە لایەن سەلجوقییەکانەوە و دەڵێت: "لە بەهاری (۱۰۸۹)دا لەشکرێک کە لە دوو سەد هەزار کەس پێکهاتبوو کەوتەڕێ بە فیل و کەرەسەی ئابلۆقەدان. چ گرنگییەکیان هەیە پێش ئەوەش لەشکر خۆی تەیاردات، درۆ و پڕوپاگەندەی زۆر بڵاوبوونەوە وەکو هەموو لەشکرێکی دیکە ئامانجی خۆی دەهێنێتە دی سەرەتا بوخارا داگیرکرا بە بێ هیچ بەرگرییەک پاشان بەرە و سەمەرقەند دەڕوات. دەگاتە بەر دەروازەکەی شار"(ئەمین مەعلووف، ۲۰۰۲: ل۱۲۷)، یان لە شوێنێکی تردا باسی شاڵاوی داگیرکاری و کوشت و بڕی مەغوڵەکان دەکات و دەڵێت: "شەپۆلی یەکەم، بە سەرکردایەتیی جەنگیزخان خۆی بوو بێگومان بە گەورەترین ئافەت لە سەرتاپای مێژووی ڕۆژهەڵات دەناسرێتەوە. شاری جوان و ناودار وێران دەکرێن دانیشتووانەکەی قڕ دەکرێن, وەکو پەکین و بوخارا و سەمەرقەند و لەگەڵ ئەهالیشدا مامەڵەی ئاژەڵ دەکرێ ژنە گەنجەکانیان بە خەڵاتی سەرکەوتن دەدرانە ئەفسەرەکان و هونەرمەندانیان بەدیل دەگرتن, ئەوانی دیکە ڕەشبکوژ دەکرێن، ئەو کەمایەتییەی لێ بترازێ کە لە ژێر سێبەری قازییە گەورەکەی ئەو کات کۆبوونەوە کە هەر خێرا چوونە ژێر ویلای جەنگیزخانەوە"(ئەمین مەعلووف، ۲۰۰۲: ل۱۹۰_۱۹۱)، ئەمانە و چەندین شەڕ و کوشتاری تر لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگیان داوتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ بارودۆخە مێژووییەکەی ئەو کات.

ڕۆمانی میرنامەش وەک ڕومانی (سەمەرقەند) گەڕانەوەیە بۆ مێژوویەکی چەند سەد ساڵەی بەر لە ئیستا و گەڕانەوەیە بۆ

سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و میرنشینە کوردییەکان، ئەم سەردەمەش "سەدەیەکی پڕ لە کێشەی تیژە لە نێوان میرنشینەکانی کورد و هەردوو ئیمپڕاتۆرییەتی فارس و عوسمانیدا کە دەیانویست کوردستان داگیر بکەن"(عیزەدین مستەفا رەسول، ٢٠٠٨: ل٧٣)، کەواتە ئەم سەردەمە پڕیەتی لە داگیرکاری و شەڕ و کوشتاری و پەلاماردانی یەکتر و ئەم بارودوخە میژوویەش.

لە ڕۆمانەکەدا پەلاماردانی شا عەباسی سەفەوی بۆ سەر قەڵای دمدم و شەڕ و کوشتار و داگیرکردنی  قەڵاکە ڕەنگی داوەتەوە دەڵێت: "دوای کوشت و بڕی بە هەزاران بەرگریکاری قەڵا و شکستی میرخانی لەپزێڕین، قزڵباشە ستەمکارەکان بە میر خانی چۆلاقیان  ناودەبرد, شا دەستی بە سازدانی قەسابخانەیەکی گەورەکرد. خان و میر و پیاوە مەزنەکانی موکریانی  بانگهێشت کردوو هەموویانی لە نزیک قەڵای گاودۆل کۆکردنەوە و لە سەرا پەردەکانیدا کوشتنی"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل١٢٦). لە شوینێکی تری ڕۆمانەکەدا باس لە شەڕی سەفەوی عوسمانییەکان دەکات و دەڵێت: "لەشکری عەجەمان گەلەک بە توندی بەرهەڵستیان دەکرد سەرکردەکەیان دەیزانی گەر بشکێت ئەوە شا سەفی میرزا لە ئەسفەهان بەسیخی سورەکراو بە ساغی چاوانی دەردێنێت و خۆشی دەیهاوێتە بنی بیرەوە بۆیە زۆر پاڵەوانانە  لە بەر خودان دابوو گورزیان ڕادەوشاند و بەسەر سەربازەکانی ئێمەیان دەکێشا. تیربارانیان دەکردین لە سینگی سەربازەکانمان دەچەقین و لە پیشتەوە دەردەچوون ئەوانەی زرێیان پۆشی بوو گوێیان پێ نەدەدا هەرچی ئێمەمانان بووین ئەوا ئاوەڵئاو دەچووین شیری میری و جافەری هیندی و لاهوری ئامبازی یەکدی دەبوون و ژارەی

مەرگیان لی دەتکا"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل١٦٠_١٦١)، کەواتە هاوبارودۆخی لە ڕووی شەڕ و کوشتار و داگیرکاری لەو سەردەمانەی هەردوو ڕومانەکە بۆی گەڕاونەتەوە، بووەتە هۆی لێکچوونی هەردوو ڕۆمانەکە لەوەی هەردووکیان داگیرکاری و شەڕ و کوشتار تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە .

٢,٢,٢,٣.کڕینی دەسەڵات

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دەسەڵاتەکان، دەبینین سەرکردەکان بۆ هاتنە سەر دەسەڵات چەندین ڕێگایان گرتووەتەبەر و یەکێک لەو ڕێگایانە کڕینی دەسەڵات بووە بە پارە، هاتنە سەر دەسەڵات بە ڕێگای پارەدان لە هەردوو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە و لە ڕۆمانی (میرنامە)دا دوای کوشتنی میر مەحەمەد، میر عەبدول فەتاح لە ڕێگای پارەوە دێتە سەر دەسەڵات و دەسەڵاتەکە لە پاشای وان دەکڕێت و هاتووە: "میر دە هەزار فلۆرانی بە پاشای وان داو میرایەتییەکەی کڕی"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٢٠٤)، لە ڕۆمانی سەمەرقەندیشدا دوای ئەوەی توغرول کۆچی دوایی دەکات، کوڕی برایەکەی ئەلپ ئەرسەلان لە ڕێگای کوشتار و پارەوە دێتەسەر دەسەڵات و "ئەلپ ئەرسەلان، کوڕی چاغرییە لە چەند مانگێکدا خۆی بەسەر ئەندامانی عەشیرتدا فەرز دەکات و قەساب خانەیەک بۆ هەندێکیان دەنێتەوە هەندێکیشیان بە زەبری پارە دەکڕێ و بەیعەتی بۆ دەدەن"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل٥٧)، هەر وەک بینیمان کڕینی دەسەڵات بە پارە لە هەردوو ڕومانەکەدا بەدی دەکرێن ئەم لێکچوونەش بۆ هاوبارودۆخی ئەو کات دەگەڕێتەوە.

### ٣,٢,٢,٣.بوونی هەستی نەتەوایەتیی  بەرامبەر دەسەڵاتی بێگانە

لە هەر سەردەم و زەمانێکدا ئەگەر دەسەڵاتێکی بێگانە فەرمانڕەوایی نەتەوەیەک بکات ئەوە دەبینین هەستێکی نەتەوەیی لە ناو ئەو نەتەوە ژێردەستەدا دژ بە دەسەڵاتی بێگانە سەرهەڵدەدات و ئەم بارودۆخەش لە هەردوو ڕۆمانەکە ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین سەلجوقییەکان کە تورک بوون دەستیان بە سەر وڵاتی فارسدا گرتوە و بۆ ماوەیەک حوکمڕانیان کردووە، بۆیە هەستێکی نەتەوەییانە دژ بە دەسەڵاتی تورک لە ناو نەتەوەی فارسدا هەبووە، ڕۆمانی (سەمەرقەند)یش کە گەڕانەوەیە بۆ ئەم مێژووە دەبینین ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخەی تێدا بەدی دەکرێت. لە نێو ڕۆمانەکە حەسەن سەباح هەستێکی نەتەوەییانەی بەرامبەر بە دەسەڵاتی تورک هەیە و دەیەوێت لە ناویان ببات و دەڵێت: "هیوادارم کە دەسەڵاتی تورک تێک بشکێنم"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل١١٣)، ئەم هەستە نەتەوەییەی حەسەن سەباح دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمانی پێشتر و ئەوکاتەی، کە فارسەکان خۆیان حوکمڕانی خۆیان کردووە و ڕەخنەش لەوانە دەگیرێت، کە بوونەتە کۆیلەی تورکان ((کاتی خۆی ئیسفەهان بە دەستی بنەماڵەیەکەوە فارسی و شیعەوە بوو، کە دەسەڵاتی  خۆی بەسەر خەلیفەی بەغدا فەرز دەکرد، ئەمڕۆش فارسەکان تەنها کۆیلەی تورکەکانن   هاوڕێیەکەی تۆش، نیزامولولک لە هەموو کۆیلەکان ملکەچترە"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل١١٤).

میللەتی کوردیش بە دریژایی مێژوو داگیرکراوبووە و دەسەڵاتی بێگانە فەرمانڕەوایی کردووە و لەیەکێک لەو قوناغانەشدا سەردەمی

دەوڵەتی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانییە کە هەریەکەیان دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی خاکی کوردستاندا هەبوو، بۆیە هەستێکی نەتەوەییانە دژ بە دەسەڵاتی بێگانە لە ناو نەتەوەی کوردیشدا هەبووە. ڕۆمانی (میرنامە)ش گەڕانەوەیە بۆ ئەم سەردەمە و هەمان بارودۆخی مێژووی تێدا ڕەنگی داوەتەوە و تێیدا هاتوە: "با کوردان یەکگرن تا کو ڕۆم و عەجەم ببنە خوڵام و نۆکەریان"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل١١٣)، ئەم هەستە نەتەوەییە لای خانی گەیشتووەتە چڵەپۆپە و ڕەخنە لە میرە کوردەکان دەگرێ، کە چونەتە ژێرباری تورکانەوە و دەڵێت: "من ناچمە دیوەخانی میر ،ئەو میرەی تورک دایبنێ میرنییە، بەڵکو کۆیلەیە. بەندەی پاشای وانە. نۆکەرە، نا بەخوای نۆکەری نۆکەرانە"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٢٠٥).

کەواتە هەبوونی داگیرکاری بێگانە و چەوساندنەوەیی نەتەوەیی بارودۆخێکی هاوشیوەیان بۆ هەردوو سەردەم دروست کردوە و تەنانەت لە هەندێک باردا هاو شێوەیی دوژمنیش کە تورکە لە هەردوو سەردەمەکەدا بووەتە زەمینەی لێکچوونی بارودۆخی مێژوویی هەردوو ڕۆمانەکە.

٤,٢,٢,٣.ڕاوکردن لای سەرکردە و دەسەڵاتداران

لە نەرتی ژیانی دەسەڵاتدارانی ناوچەکەدا، ڕاوکردن بەشێک بووە لە کات بەسەربردن و خۆنواندنی و هێز و توانا نواندنی دەسەڵاتدارن، بۆیە سەرکردە و دەسەڵاتداران هەمیشە حەزیان لە ڕاوکردن بووە و چوونەتە ڕاو. هەبوونی ئەم حەزە وەکو نەریتێک لەو کۆمەڵگایانەدا پەیوەندی بە سروشتی بیر و حەز و چێژ

وەرگرتنی ئەو کۆمەڵگایانەوە هەیە و هەر کۆمەڵگایەکیش خاوەنی وەها سروشتێک بێت دواجار دەبێتە خاوەنی دیارەیەکی هاوشێوەی لەم جۆرە. لێرەدا ژینگەی لێکچووی ژیانی ئەو سەردەمانەی کە ڕۆمانەکان باسی لێوە دەکەن وەها دیارەیەکی لە نێو ڕووداوەکانی هەردوو ڕۆمانەکەدا جێ کردوەتەوە.

لە ڕۆمانی سەمەرقەنددا کە باسی سەرکردە و دەسەڵاتدارانی ئەو کات دەکات ئەم دیاردەیە لەلایان ڕەنگی داوەتەوە و دەڵێت: "مەلیکشا لە باکوری بەغدا، لەناو دەوەن و زەلکاوەکاندا، خەریکی ڕاوکەری کێوییە. لە دوانزە تیر، تەنها یەکێکی سەری کرد، یاوەرەکانی گۆرانی دەڵێن و بە باڵای سوڵتانا هەڵدەشاخن، کەسێکیان تیا نییە بۆ تیر هاوێشتن شان لەشانی ئەوبدەن،... دە کەس دەبن کە خەریکی کەوڵ کردنی ئاژەڵەکانن لە شیشی دەدەن و هەندە نابات ئاژەڵە کێویەکە لەسەر ئاگرەو لە ناو ئەو مێرگە دەیبرژێنن"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل١٥١).

دیاردەی ڕاوکردن لای سەرکردە و دەسەڵاتدارەکان لە ڕۆمانی میرنامەشدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە ئەم ڕۆمانە باسی سەرکردە و دەسەڵاتدارەکانی ئەو کات دەکات، بۆیە ئەم دیاردەیەی تێیدا بەدی دەکرێت و دەڵێت: "میر عەبدی لە ڕاوشکاری خۆی نەدەکەوت، یا لە گەلییەکانی چیای ئاگریداغ ڕاوی باز و شەهێنی دەکرد، یانیش لە دامێنی چیای سیپان بە دوای بزنە کێویانەوە بوو. جارجاریش لە قەدپاڵی چیای تەندوورک و گۆلی واندا خەریکی ڕاوە کەو و قەتێ دەبوو"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل١٥٦)، لە شوێنێکی تریشدا باسی ڕاو دەکات لای میر و دەڵێت: "میرم بینی لە ئۆدەکەی خۆی بەدەرکەوت

و جلی ڕاوی لەبەردابوو و بازەکەی لەسەر مەچەکی، کە بە دەسبەندێکی سپی پێچابووی، هەڵگرتبوو. تیردان و کەوانی هەڵگرتبوون و تانجی و تولەشی بە دوایەوەبوون"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٢٤٥)، کەواتە دەتوانین بڵێین هەمان دیاردەی ڕاو کردن لای سەرکردە و دەسەڵاتداران لە هەردوو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە هۆی لێکچوونی هەردوو ڕۆمانەکە.

٥,٢,٢,٣.شێوازی ئاخاوتنی شکۆمەندانەی دەوروبەر لەگەڵ دەسەڵاتداران

لە نەریتی بیری کۆمەڵگاکانی ناوچەکەدا دەسەڵاتداران خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتن لە کۆمەڵگادا و بە شێوازێکی تایبەتی پڕ لە ڕێزەوە دەوروبەرەکانیان لەگەڵیاندا دواون و بەشێوەیەک کە بەردەوام شکۆمەندیی کەسی دەسەڵاتداری تێدا بەدی دەکرێت بۆ ئەم مەبەستەش زۆر جار بە ڕستە و دەربڕینی تایبەت و جۆرێک لە فەرمیبوون بە پێی سەردەم بابەتەکانیان پێڕاگەیاندون و دیسانەوە لێرەشدا لێکچوونی سروشتی کۆمەڵگاکان دیارەیەکی هاوشێوەی لە هەردوو ڕۆمانەکەدا دروست کردوە.

لە ڕۆمانی (سەمەرقەند)دا کاتێ هەواڵی کوشتنی نیزامولمولک بەمەلیکشا ڕادەگەیەنن بەم شێوەیە پێرادەگەیەنن و دەڵێن: "عومری بەخشییە جەنابتان"(ئەمین مەعلووف، ٢٠٠٢: ل١٥٠). لە ڕۆمانی (میرنامە)شدا کاتێک هەواڵی مردنی خانی بە میر ڕادەگەیەنن پێیدەڵێن: "خانی تەمەنی درێژی بەخشییە جەنابتان"(جان دۆست، ٢٠١٣: ل٢٤٣)، بەم پێیە هاوبارودۆخییەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

بووەتە هۆی لێکچوونی بەکارهێنانی هەمان دەربڕین لە هەردوو ڕۆمانەکە.

**٤.ئەنجامەکان:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**١,٤.** لە ڕۆمانی میرنامەدا ژیانی خانی و واقیعی ژیانی ئەوکاتەی میللەتی کوردە، کە خانی تێیدا ژیاوە ڕەنگیداوەتەوە. لە ڕۆمانی سەمەرقەندیشدا ژیانی خەیام و واقیعی ژیانی ئەو کاتەی ئێران کە خەیام تێیدا ژیاوە و سەردەمەکانی دواتریش ڕەنگیداوەتەوە، واتە هەردوو ڕۆمانەکان ڕەنگدانەوەی ژیانی دوو شاعیر و مێژووی دوو نەتەوەن.

**٢,٤.** لە هەردوو ڕۆمانەکەدا لێکچوون لە نێوان ژیان و کەسایەتیی کاراکتەری سەرەکی هەردوو ڕۆمانەکە هەیە، کە (خانی و خەیام)ن، لەوەی هەردوو کاراکتەرەکە (شاعیرن، بەکافریان دادەنێن، ڕێزیان لێدەگیرێت لای سەرکردە و دەسەڵاتداران، زیرەکن و لە پلەیەکی بەرزی زانستیدان، نەویستنی ماڵ و سامان و پلەوپایە لەلایان، لە بارەی تێڕوانینیان بۆ ئایین)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو کاراکتەرە سەرەکییەکەی نێو ڕۆمانەکان کەسایەتیی واقیعین و لە واقیعدا بوونیان هەبووە، لە ڕۆمانی (میرنامە)دا کاراکتەری سەرەکی (ئەحمەدی خانی)یە، کە شاعیرێکی کوردە و لە ڕۆمانی (سەمەرقەند)یشدا کاراکتەری سەرەکی (عومەر خەیامی

نیشاپووری)یە، کەشاعیرێکی فارسە، بۆیە ئەو لێکچوونەی لە نێوان ژیان و کەسایەتیی هەردوو کاراکتەرکەدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ هاوشێوەیی ژیان و کەسایەتیی (خانی و خەیام). واتە هاوشێوەیی ژیان و کەسایەتیی (خانی و خەیام) بووەتە هۆی لێکچوونی ژیان و کەسایەتییان کاتێک لە نێو ڕۆمانەکاندا وەکو کاراکتەری سەرەکی دەردەکەون.

**٣,٤.** لێکچوونی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی نێو ڕۆمانەکان لە ڕووی (داگیرکاری و شەڕ و کوشتار، کڕینی دەسەڵات، بوونی هەستی نەتەوایەتیی بەرامبەر دەسەڵاتی بێگانە، ڕاوکردن لای سەرکردە و دەسەڵاتداران، بەکارهێنانی دەربڕین لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتیی)دا، دەگەڕێتەوە بۆ هاوبارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی هەردوو ڕۆمانەکە کە باسی لێوە دەکەن، واتە لێکچوونی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد و فارس بووەتە هۆی لێکچوونی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی نێو ڕۆمانەکان، چونکە هەردوو ڕۆمانەکە ڕەنگدانەوەی واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی هەردوو نەتەوەکەن لە سەردەمانێکی نزیک لە یەکتر.

**٥.سەرچاوەکان**

**١,٥. بە زمانی کوردی**

**ـ کتێب**

ابراهیم احمد شوان (پ)، ئەدەبی کۆنی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٢.

جان دۆست، میرنامە، و. سەباح ئیسماعیل، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕجایی، تاران، ٢٠١٣.

خەیام، چوارینەکانی خەیام، و. هەژار، چاپ تجدید، سروش، تهران،١٣٧٠.

ڕێزان ساڵح مەولود (د)، پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلی زادە و نزار قەبانی دا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (د)، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند، فەیلەسوف و سۆفی، و. لە عەرەبییەوە: نووسەر خۆی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، چابخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

عەلائەددینی سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی،چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٩.

مارف خەزنەدار (د)، مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی دووەم)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١.

ئیبراهیم ئەحمەد شوان (د)، بەراوردی ئەدەبی (تیۆری و پراکتیکی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠١٤.

ئەمین مەعلووف، سەمەرقەند، و. لە فەرەنسییەوە:د. ئەحمەدی مەلا، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

**ـ گۆڤار**

ئیدریس عەبدوڵڵا، پوختەیەک لە بارەی ئەدەبی بەراوردکاری و قوتابخانەی سلاڤی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی مێژووییە)، گ. ڕامان، ژ١٣٨، ٢٠٠٨.

**٢,٥. بە زمانی عەرەبی**

**ـ کتێب**

حسام الخطیب، آفاق الادب المقارن عربیا و عالمیا، ط١، دار الفکر المعاصر، بیروت، ١٩٩٢.

سعید علوش، مدارس الادب المقارن-دراسة منهجیة، المرکز ثقافي العربي، بیروت، ١٩٨٧.

عبده عبود (د)، الادب المقارن (مشكلات و افاق)، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩.

**ـ گۆڤار**

حيدر خضري، التجربه السلافيه والدرس المقارن للأدب، مجلة الجمحية العلمية الايرانية للغة العربية و ادابها، العدد١٠، ٢٠٠٨.

حيدر محمود غيلان (د)، الادب المقارن ودور الانساق الثقافية فى تطور مفاهيم و اتجاهاته، مجلة دراسات يمنية، العدد٨٠.

**٣,٥. به زمانی فارسی**

**كتێب**

محمد سعيد جمال الدين، ادبيات تطبيقى، ترجمه سعيد حسام پور و حسين كيانى، چاپ اول، دانشگاه شيراز، شيراز، ١٣٨٩.

**ـ گۆڤار**

بهنام ميرزابابازاده فومشى و آدينه خجستهپور، ادبيات تطبيقى در روسيه، فصلنامه ادبيات تطبيقى، دوره٥، شماره١، سال ١٣٩٣.

**چکیده**

ادبیات تطبیقی یکی از روش‌های پژوهشی درباره متون ادبی-است و در این میان مکتب اسلاوی به عنوان یکی از شاخه‌های ادبیات تطبیقی امکان این را فراهم میکند که از نظر زمینه و زیر ساخت، نقاط مشابه دو متن ادبی مختلف‌را مورد بررسی قرار بدهیم، که همشرایطی و همزمانی نوعی از تشابه‌را میان آنها به وجود آورده است.

رمانهای "*میرنامه*" و "*سمرقند*" شرح حال زندگانی دو شخصیت مشابه و تا اندازه‌ای همدوره‌ء دو ملت جودا هستند به نامهای خیام نیشاپوری و احمد خانی. تشابه شرایط تاریخی و فرهنگی و سیاسی، از لحاظ اوضاع طبع شخصیت‌ها نوعی تشابه‌را میان دو تا متن به وجود اورده است، که در این تحقیق آنهارا مورد تحلیل و بررسی قرار خواهیم داد.

## Abstract

Comparative literature is a method of literary research, and the Slavic School is one of the branches of comparative literature which enables us to compare two independent literary texts by investigating their literary backgrounds according to various circumstances which created similarities between them.

*Mirnama* and *Samarqand* are two famous novels that deal with the life stages of Khayyam Nishapuri and Ahmad Khani, who are two similar characters, in one way or another they are from the same century, thus they belong to two different nations. The historical, cultural, and political conditions have formed a kind of similarity between these two texts in terms of several circumstances and the nature of characters, which are going to be the issues of focus and discussion in our study.